چێژ و جوانی و مانا لە شیعرەکانی نالی دا

قادرعەلیخا
(بۆکان)

«بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە، ئەمما غەوواسی دەوێ، یەعنی بە تەعمیقی بزانە پڕ دانەیە، ئەمما نەوەکو دانەیی چەڵتووک بەحرم وتووە، نەک وەکو گۆلی مەرەزانە»

ئەو سەفەرەی لە پیتەوە دەست پێ دەکات و بە دەق کۆتایی پێ دێت، سەفەرێکە بە نێو هەنگاوەکانی وشە و ڕێچکەکانی ڕستە و هەناسەکانی ڕوحدا. ئەم پیت و وشە و ڕستانە، لە نێو کوورەی هزر و ڕوانین و هونەردا، قاڵ دەبنەوە و تیف تیفە دەدرێن و جوانکارییان لە سەر دەکرێ و بیچم و مانا بە خۆیانەوە دەگرن و دەبنە خاوەن ڕوح و کەسایەتی و جوانی و تاموچێژیان پێ دەدرێ و لە قازانی ئەندێشەدا تاموخوێ دەکرێن و پڕ دەبن لە چێژ و جوانی و مانا.

دیارە و شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، چێژ و جوانی و مانا، لە گرینگترین پێکهاتە و کۆڵەکەکانی نووسین و نووسراوەکان بەبێ ئەمانە، دەبنە پووشی دەم با و خوێنەر خۆیان پێوە ماندوو ناکات و وەک خواردن و خواردنەوەیەکی بێ تام و بۆن و چێژ، هەر زوو وەلایان دەنێ و لێیان وەڕەز دەبێ. وەک نێچیروانێک کە ئازار و سەختی ڕێگا و هەڵکشان و داکشان بە کەند و لەند و هەوراز و نشێواندا و هەڵگەڕان بە ڕەوەز و زەردوماکاندا بە گیان و دڵ قبووڵ دەکا و بێ گلەیی و گازەندەو بێ وچان، دەیانبێرێ و ئەوەی لە ئاکامدا لێی دەگەڕێ و مەبەستیەتی، نێچیر و دەسکەوتە و بە وەدەست هێنانی نێچیریش، ئازارەکانی ڕێگا و ژانی هەوراز و ڕێگە سەختەکانی لە بیر دەچێتەوە. ئەوەی خوێنەریش لە خوێندنەوەی دەقێکدا لێی دەگەڕێ. چێژ و جوانی و مانایە و ئەگەر دەقەکەی بەر دەستی بەتاڵ بێ لەمانەی باسمان کردن، ئەویش دەبێتە ڕاوچییەکی دەست بەتاڵ و دەم لەپووش و مەستەخەسار، ئەگەریش دەقەکەی بەردەستی خاوەن ئەمانە - یان لانی کەم یەکێک لەمانە بێ - ئەوە ئەویش دەبێتە خاوەن نێچیری دڵخوازی و ماندوویی لە لەشی دەردەچێت و دەحەسێتەوە.

ئەم لایەنانەی نووسین - چێژ و جوانی و مانا - هەر کامەیان لە جێی خۆیاندا خاوەن گرنگی و قورسایی خۆیانن و پشتگوێ خستنی هەر یەکێک لەمانە، لە قورسایی و تاموچێژی دەقەکە کەم دەکاتەوە و وەک چرایەک پڵێتەکەی داکێشی، لە شەوق و ڕووناکی و



نالی

جوانییەکەی کەم دەبێتەوە. نووسەر دەبێ زۆر بە پارێزەوە لەگەڵ دەقدا بجووڵێتەوە و گرنگی بە هەموو لایەنەکانی بدات و هیچ لایەنێکیـــان ســـەرپێی نەگـــرێت، تا نووسراوەکەی، هەم چاو و هەم ڕوح و هەم هزری خوێنەر بلاوێنێـتەوە و دەقـەکەی ببێـتە پێکهـاتەیەک، جوانی بەخـشی چاو و لاوێنەری ڕوح و گـەشـەدەری هزربێ. ئەوەی لە دنیای هونەردا زیاتر چاو دەلاوێنێـتەوە ڕەنگە ولاتی ڕەنگەکان بێ و ئەویش زۆرتر لە نێـو چوارچێـوەی تابلۆکـاندا بەرچاو دەکـەوێ و چێـژی بینین بە بینەر دەدات، بەڵام لە هەرێمی ئەدەبدا و لە ژانری شـیـعـردا تابلۆ وێنەییەکان توانیویانە ئەو کەلێنە پڕکەنەوە و بەهۆی ئەو وێنانەی شاعیرە هەست ناسک و خامە زێڕینەکان بە وشە و ڕسـتە دەیانکێشنەوە و چاو و زەینی خوێنەر پڕ دەکـــەن لە جـــوانی، لەو ڕێگایەوە هەم تابلۆیەک لە جوانییـەکانی ژیان و بوون بە خوێنەرەکانیان ببەخشن و هەم چێژ و مـانا لە سـەر سفرەی خوانەکەیان دادەنێن و بێـجگە لە هێـزی چاو و ڕوانین، بە وشـە ناسک و وێنە ئاسمانی و ئەفسووناوییەکانی خۆیان، گوێی بیسەریش بلاوێننەوە و لەو ڕێگایەشـەوە چێـژ و جـوانی و مـانا برژێننە ڕوح و جەستەی خوێنەر و بیسەرەوە و لە تەنگژەو گرژی ژیان دەربازی بکەن و دەستیان بگرن و بیانبەنە نێو کوێـستـانی زەنوێر و پڕ لە گوڵ و جوانی و پڕیان بکەن لە ئاسوودەیی و ئارامی و شادی.

نالی لەو شاعیرانەیە توانیویەتی ئەم سێ تایبەتمەندییە گرینگە - چێژ و جوانی و مانا - بێنێـتە نێـو بازنەی شیعرەکانی و بە هۆی وردبینی و وریایی و لێزانییەوە، جامخـانەی دیوانەکـەی پێ بکاتە هەرێمـێک لە چێژ و جوانی و مانا و ئەوەندە تەماح وەبەر خوێنەر بنێت، بێ شک و گـومـان و دوو دڵی هەنگاو بنێـتە کـوێسـتـانی زەنوێری خـەیاڵاتی و لەو ولاتە بەر فـەریح و دڵـگیـر و پڕ لە جـوانیـیـەدا، ڕاوی چێژ و جوانی و مـانا بکات و بێ ماندوو بوون کۆشی بیر و گوێی هەستی پڕ کات لە نێچیر و گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ و بۆ دەسکەوت و سـانەوە لە هەر هەلومەرجێکدا، پەنای بۆ بەری و خۆی لە ئامێز هاوێی. کـەم غـەزەلی هەیە ئەم تایبـەتمەندیانەی تێـدا نەبێ و خوێنەر بە دەست بەتاڵی و ماندوویەتی بگەڕێتەوە ماڵێ و تەنیا وەڕزی پێ ببڕێ و کردە پەشیمـان بێ. کەسێک نەترسانە و بە بەرزە دەمـاغـیـیەوە سـەر هەڵبـڕێ و جاڕی ئەوە بدات کە حاکم و فـەرمانڕەوای سێ مـوڵکە و خاوەن دیوانە، دەبێ بە ئامێزی ئاوالاوە بە پێشوازی میـوانەکانی مـوڵکەکەیەوە بچێت و بە ئاسوودەیی و ئارامی بەڕێیـان کات.

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە «نالی» ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە، دیوانی هەیە

ئەو کـەسـانەی لە ژیاندا بە «ئەوەی هەیە هەر ئەوەیە» ڕازی نابن، دەتوانن و توانیویانە گۆڕان ساز بکەن و ژیان نوێ بکەنەوە. نالی لەو کەسانەیە بەو وتەیەی کە دەڵێ: «ژیان هەر ئەوەیە کـە هەیە» ڕازی نەبووە و هەوڵی بۆ گۆڕان داوە و لە ڕێگا تەخت و ڕچە شکاوەکـان لایداوە و بۆتە پێشەنگ و مانای نوێی ئەفراندووە و پەیامی تازەی شێن کـــردووە و بە مـــاندوو بوون و هەوڵی زۆر بۆتە سەرکاروان، ڕچەشکێن و بۆ نەتەوەکەی بۆتە سیمبۆل و مانای بە مانای تازە داوە و جوانی جوانتر کردووە، بێ گومـان بەو هەناسە ساف و سازگـارە تازەی هێنایە نێـو ئەدەبی کوردییەوە، ڕوحێکی وای بە بەرداکردووە کە لەوە بەولاوە، مـردن و فـەوتان نەیوێرێتێ و بوو بە دارێکی مەزن و لە بن نەهاتوو کە کورد تا هەتایە دەتوانێ شانازی پێوە بکات و لە بنیدا ستار بگرێ و لە بەروبوومە جوان و شیـرینەکانی بچێژێت. بەو بەیتە شیـعرەی کە نالی

دەیکاتە ئاڵای دەستی و هەوێنی ئاواتەکانی دەروونی تێدا دەر دەبڕێ و دەڵێ:

پێم مەڵێن خۆکوردییە خۆ کردییە
هەر کەسێک نادان نەبێ خۆی تالبی مانادەکات

هەست و ڕوحی نالی پێدەنێتە سەر چیای هەڵچوون و لەو یاسا باوانە دەڕاسێت کە بەر لەو مێژووە، بووبوونە پێوەر و جوانی و چێژ و مانەکانیان پێ لە تەرازوو دەدرا و بیری «دەبوایە وا بوایە» وەلا دەنێ و دروشمی «دەمەوێ کە ئاوابێ» هەڵدەگرێ و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەداتەوە و کەسایەتی و هێز دەدات بە تاکی کورد و مانا دەدات بە زمانی نەتەوەیی و لەو سەردەمەدا کە بۆ مانا و جوانی چێژی شیرین، چوونەتە بەر قاپی فارس و تورک و عەرەب، ئەوە نالی سەرنجی ڕوانینەکانی بەرەو شوێنێکی دیکە - یانی دەرکەی زمانی کوردی - وەرگێڕاوە و ئاماژەی پێ کردوون کە ئا لێرەشدا دەکرێ بە شوێن مانا و چێژ و جوانیدا بگەڕێین و لەم هەرێمە بێ تاج و باج و خەراجەشدا گەوهەر و مەرجان و ئەڵماسی ماناش دەست دەکەوێت.

ئەو لە سەردەمێکدا زوومی سەرنجی چاوەکانی بەرەو زمانی کوردی وەرچارخاندووە، کە تەعامەکانی ئەم دووکانە بێ مشتەری و بێ خوازیار بووە. نالی بەو کارە مەزن و گرینگەی پێناسەی نەتەوەیی دەگێڕێتەوە بۆ کورد و پەیامی شایی بە خۆییان بە گوێدا دەچرپێنێت.

خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی غەزەلەکانی نالی دا، تووشی سەر سوڕمان دەبێ و لەو هەموو ڕەمز و ڕاز و جوانی و چێژ و مانایەدا و ئەوەندە تامی خۆش و مانای شیرین و وێنەی جوان دەبینێ و دەبیستێ، ئیتر کاتی ئەوەی نابێ لەو کەشوهەوایەدا بێتەدەرێ و بیر لە هیچ شتێکی دیکەی ژیان بکاتەوە و ئەوەی دەیبینێ و دەیبیستێ و هەستی پێ دەکات، هەر چێژ و جوانی و مانایە. ئەگەر بمانەوێ بۆ هەر یەکێک لەمانەی باسمان کردن، چەپکە شیعرێک بچنین و بینوێنین، دەبێ سەر بکێشینە نێو هەرێمە پڕ لە جوانی و پاکی شیعرەکانی (نالی)یەوە و دەروونمان پڕ بکەین لە ئاسوودەیی و ئارامی و ڕاوی چەپکە گوڵی چێژ و جوانی و مانا بکەین. غەزالەکانی نێو دیدەی نالی، تەن سپی و چاو و خاڵ و موو سیان و جارێک وەک نەخلی تەڕ دەنوێن و تاوێک وەک سەرووی ڕەوان دەبیندرێن. ڕوویان وەک بریسکەی تیشکی هەتاو ڕووناکی داوێژن و سنگیان باخی سێوانە و ڕەنگی لێویان شەرابییە و تامی شەکر دەدەن.

زولفی جەڕاری سەفا سەف خستە پێش
یەعنی زەنگی لەشکری قیر و سییان
ئەم غەزالانە کە نەقشی دیدەمن
تەن سپی و چاو و خاڵ و موو سیان

نالی زۆربەی وێنە شیعرییەکانی لە باڵای غەزەلێکدا و بە شێوەی ئەستوونی وێنا کردووە و تابلۆیەکی بە تەواو و کەماڵ بۆ خوێنەر لە چوار چێوە گرتووە، هەر بۆ کێشانەوەی ئەم وێنە سەرەکییەی کە مەبەستی بووە، لە دەیان وێنەی خەیاڵی و ئەفسانەیی و عیرفانی و دینی و فەلسەفی، کەڵکی وەرگرتووە و سەنگی تابلۆ شیعرییەکەی پێ قورستر و بەنرختر کردووە و ئەو زمانە ڕەمزاوییە پڕ تەمسیلییەی کە کەڵکی لێوەرگرتووە مانای زیاترو قورستری داوە بە باسەکەو خوێنەری هان داوە، بەشوێن کاکڵ و ماناشدا بگەڕێ ولە نێو تابلۆ شیعرییەکانیدا دەیان وردە تابلۆی جۆراو جۆری کێشاوەتەوە و لە یەکی موتوربە کردوون و تابلۆ سەرەکییەکەی نێو زەینی پێ نەخشاندووە و خوێنەر ناچار دەکات لە کاتی دیتنی وێنە سەرەکییەکە بە شوێن ئەوانیشدا بگەڕێ و لە دیتنەوەیان چێژوەرگرێ و جوانی ببینێت.

دیتنەوەی ئەم چێژ و مانا و جوانییانە لە شیعری (نالی)دا هەوڵ و ماندووبوونی دەوێ.هەندێک لە غەزەلەکانی سەرلەبەر هەم لە باسێک دواون و هەم ئەگەر ویستبێتی وێنەیەک لە باسێکی دیاریکراو پیشانی خوێنەر بدات، بە جوانی و بە تەواوی لێی دواوە و خوێنەری لە هەموو لایەنەکانی تابلۆکەی بێ بەش نەکردووە و بە وردی، ڕواڵەتی وێنەکەی نەخشاندووە و سیقاڵی داوە و ڕازاندوویەتییەوە، تا خوێنەر بە جوانی تێکەڵی کاکڵی باسەکە بێ و لە جوانییەکانی تێراو بێ. لێرەدا سەرنجمان دەخەینە سەر دوو شیعری تابلۆ ئاسای نالی و لە نێویاندا بە شوێن چێژ و جوانی و مانا دەگەڕێین. ئەو وێنەی لە دوورەوە، لە مەنفا لە سلێمانی و دەوروبەری کێشاوەتەوە و ئەو وێنەی لە نزیکەوە لە حوجرە کاولاشەکەی نواندووە، دەخەینە بەر زەین و لێ ورد بوونەوە و چاوێک بەو وێنە شیعرییانەدا دەگێڕین.

١-شیعری خاک و خۆڵ

ئەمجار مەوەستە تا دەگەییە عەینی سەر (چنار)
ئاوێکە پڕ لە نار و چنار و گوڵ و چنوور
چەشمێکە میسلی خۆر کە لە سەد جێ بە ڕەوشەنی
فەورانی، نووری سافە لەسەر بەردی وەک بلوور
یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کەوا
ئەستێرەکانی ڕابکێشێن وەک شەهابی نوور
یا چەشمەساری خاتری پڕ فەیزی عاریفە
یەنبوعی نوورە دابڕژێنی لە کێوی توور

شیعری خاک و خۆڵ لە دیوانەکەی نالی دا شیعرێکی دیار و بەر چاوە و زۆر خوێنراوەتەوە و باسی لەسەرکراوە و لە دەیان گۆشەنیگاوە لێی ڕوانراوە. وەک شیعرێکی نەتەوەیی و خاک خۆشەویستی ڕاقەی بۆکراوە. لەبەر ئەوەی نالی ئەم شیعرەی لە مەنفا و غەریبیدا هۆندۆتەوە و وەک بەشێک لە هەناسە و خوێنی و ڕوحی لە دوورەوە ـ ئیستەنبوڵ - ناردۆتەوە بۆ کوردستان و بە هۆی پیت و سەروا و وشەکانییەوە، خۆی ئاوێتەی جوانییەکانی نیشتمان کردووە. لە دوورەوە، بەخەیاڵ چاوی بە خاکی نیشتمان ڕشتووە و غەوری دەروون و جەستەی بە ئاوی حەیات ئاسای کانی ئاسکان شۆردۆتەوە و هەناسەکانی داوەتە بەر شنەی فێنکایی چیاو کوێستانەکان و گوێی بە دەنگی ئاوازی مەلەکانی کوردستان ئاخنیوە و لە غەریبیدا خۆی پێ تازە کردوونەتەوە. بە هۆی ئەوەی مەبەست لە نووسینی ئەم شیعرە لەلایەن (نالی)یەوە بۆ خوێنەر ئاشکرایە و هۆکارەکەی بۆ دووری و ئاوارەیی نالی دەگەڕێتەوە لە زێد و مەوتەنەکەی، خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکە تا بەیتی کۆتایی کەدەڵێ:

حاڵی بکە بە خۆفییە: کە ئەی یاری سەنگ دڵ
«نالی» لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور

لە گەڵ ئازارەکانی ڕوحی نالی تێکەڵ دەبێ، ئەو وێنە خەیاڵییانەی کە نالی لەم شیعرەدا دەیانکێشێتەوە، ئەوەندە هەست پێکراو و ڕوون و دیارن، هەموو ڕوح و جەستەی خوێنەر پڕ دەکەن لە چێژی جوانی، نالی ئاوەکەی کانی ئاسکانی بە شوێنی مەلەکردنی «نار و چنار و گوڵ و چنوور» دەشوبهێنێ و دەنوێنێ کە چۆن وێنەی ئەم جوانیانەی لە بێشکەی هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە و وەک دایکێکی دڵسۆز ڕایاندەژێنێ و نازیان دەکێشێت. کانییەکەی لە جنسی خۆرە و کفارەکردنی لە تیشک و پرشنگ دەچێ و ڕەنگەکەی لە ڕەنگی ئاسمانە و لە ئامێزیدا شەوانە ئەستێران مەلە دەکەن و بە ڕۆژدا نار و چنار و چنوور. لێرەدا کە باس لەبیر هێنانەوەی جوانییەکان و یادە خۆشەکانە، بە زمانی گوڵ و کفارەو تیشک و پرشنگ و ئەستێرە دەدوێ و لە ناخی شاعیرەوە جوانییەکان و قەڵبەزە دەکەن. ئاوەکە هێندە بێ گەرد و چاوقرژاڵ ئاسا نیشان دەدات کە خوێنەر دەتوانێ هەست و سۆزی پێ بسپێری و جوانی و پاقژی ڕوحی ناسک و بێ گەردی تێدا بەدی بکات و وەک تابلۆیەکی پڕ لە ناز و گوڵ و چنور، ڕوح و جەستەی ماندووی تێدابحەسێنێتەوە.

ئەم شیعرە لە ماوەی ساڵانی دوورودرێژی تەمەنیدا، وەک باڵندەیەکی خۆشخوان و باڵ ڕەنگین و خوێن شیرین بەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا گەڕاوە و سەری کردووە بە هەموو حوجرە و قوتابخانە و فێرگەو ماڵێکدا و قوژبنەکانی ژیان گەڕاوە و وردە وردە بۆتە بەشێک لە جوانییەکانی ئەدەبی کوردی و ئاوێتەی گەوەکانی ڕوحی جوانیناسی گەل بووە و لەگەڵ ڕەوتی زەماندا لەنێو هەناوی کۆمەڵگای کوردیدا - بەتایبەت توێژی دەستەبژێردا - نیشتۆتەوە و وەها جێگیر بووە و هێلانەی کردووە کە ئەستەمە تەرەبکرێ و پەرەوازە بێ، ئەم باڵندە ڕەنگین و زەنگینە تا هەتایە هەر لە نێو ئەو هێلانەدا، کە ڕوحی جوانیناسی و جوانییە دەژی و دەمێنێتەوە.

بەڵام لە شیعری حوجرەدا کە لە ناحەزییەکان دەدوێ، هەر بەو شێوەیە کە لە شیعری «شارەزوور»دا لە یادەوەرییە خۆشەکانی دواوە، لەوێشدا هەروا لەو ئاستە بەرزە شیعرییەدا لە ناحەزییەکانی حوجرەکەش دەدوێ و بە جوانی ناحەزییەکان وێنا دەکات، کە ئەمانە هەردووکیان بەڵگەن بۆ وەستایی و شارەزایی نالی لە نواندن و ئافراندنی ڕوحی هونەردا و لە توانایی و زاڵ بوونی بە سەر لایەنە فانتازیاکانی خەیاڵی شیعردا دەری دەخات ئەو لە هەموو لایەنێکدا وەستا و شارەزابووە.

٢- شیعری حوجرە

وەک قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتوومیە ناو
تار و پۆیی عەنکەبووتە، زۆرە لێی کردوومە داو
دوودی سەرمیچی گوڵەنگی لەت لەتی دەسرازەکۆن
بان و دیواری بە میسلی لانکەیی ئەجزا شکاو
هەر لە سەربان دار بە داری ڕایەڵی بژمێرە وەک

لا پەراسووی بارگیرێکی کە زیندوو بێ بەناو
ڕۆژو شەو خۆش خۆش لە باتی کا گەڵای پێدا دەکەن
وەک گەڵاڕێزانی پاییزیە یەکی دەڕژێتە ناو
هەر لە ئێستاوە وەهای سەرما تێدا سەرما دەبێ
ڕەنگە ناوی لێ بنێی چوار تاقی سەرما تێخزاو

لەم شیعرەشدا نالی هەر بەو هەستە پڕ لە جوانی ورد بینییەوە دەڕوانێتە حوجرەکەی و وێنەیەک لەو ژووورە کون تێیە دەکێشێتەوە کە لە دەیان وێنەی لە یەکتر موتوربەکراو پێکهاتووە و لە ئاکامدا خوێنەر لە نێو ئەو چوارچێوەی کە وێنەلێکدراوەکەی تێ گیراوە، دیمەنی حوجرەیەکی نیوە وێرانی داتەپیوی تارو پۆ پواوی بێ دەرگاو پەنجەرەی سەرماتێزاو دەبینێت، کە ئەگەر ئەو وێنەو تەژبیبیانەی خەیاڵ و هەستی نالی خوڵقاندوونی، بنێیتە بەر دەستی نیگارکێشێک، بە دڵنیاییەوە دەتوانێت وێنەی ئەو حوجرەی نالی بەر لەنزیکەی دووسەدە پێش تێیدا ژیاوە و زاڵەی بووە لە دەستی و لێی دواوە، بۆ بینەری ئەمڕۆی بکێشێتەوە، ئەمەش دەلالەتە بۆ ئەوەی دەسەلاتی نالی تا چ ڕادەیەک بووە و چەندە لە کارەکەی خۆیدا شارەزا و بە توانست و مامۆستا بووە و هەموولایەنەکانی چێژ و جوانی مانای نێو شیعرەکە دەردەخات. هەر لە بەیتێک لەو شیعرەدا دەڵێ:

لوتفی بانگۆش بوو کەوا لەم حوجرەدا زاناندمان
گەر بەنی ئادەم بخنکێنن، سەراوە نەک بناو

بە وشەی «زاناندمان» لایەنی فانتازی و جوانی شیعرەکە دەچێتە سەرێ و دەست ڕەنگینی و وردبینی و لێزانی شاعیر دەردەکەوێ.

شوبهاندنی ئەم حوجرە بە قەفەس، ئەویش قەفەسێک کە بنمیچەکەی بە تار و پۆی داوی جاڵجاڵۆکە تەنرابێ و بە دووکەڵی قورم دەیان و سەدان گوڵینگی شڕ و لەت لەتی وەک گوڵینگەی دەسرازە کۆنی پێدا شۆڕ بوو بێتەوە و دارو دیوارەکەی وەک لانکەیەکی کۆنی لار و گێڕی شەق و شڕ و دارو دەسکەکەی وەک لاپەراسووی بارگینێکی مردەلۆخەی نیوە زیندووی نیوە گیانی وابێ، دەری دەخات کە لەو لایەنەشدا چەندە لە وێنا کردنی جوانییەکاندا - کە زۆربەی شیعرەکانی نالی لەو باسە دواون - شارەزا و مامۆستا بووە، ئەوەندەش لە دەرخستنی ناحەزییەکانیشدا شارەزا و لێهاتوو بووە.

ئەم وێنانەی شاعیر بە یارمەتی پیت و وشە و ڕستە کێشاونییەتەوە سەرەڕای ئەوەی پڕن لە جوانی، لە هەر لایەکیشەوە لێیان بڕوانی، بێ ئەوەی چاوت بە ڕەنگ و کەرەستەکانی وێنە کێشانەوە بکەوێت، جوانی و شەنگی دەبینی و بە هۆی ئەم وێنانەوە ڕوحی خوێنەر پڕ دەبێ لە هەستی دیتن، سەرەڕای جوانی بەخشین بە هەستی دیتن، هەموو هەستەکانی نێو هەناوی مرۆڤیش چێژیان لێ وەردەگرێ و بەهرەیان لێ دەبات. ئاخۆ دەکرێ ئەم وێنە جوان و پڕ لە ناسکی و هەست و ئیحساساتانە، بێ ناوەرۆک و تامو چێژ بن؟دیارە وەڵام لێرەدا - نا - یەو نالی لە هەر شوێنێک وێنەی خوڵقاندبێ، بیری لە مانا و چێژ کردۆتەوە و لە هەر شوێنێکیش هەوڵی مانای دابێ جوانی پشت گوێ نەخستووە و هیچیانی لە پێناو ئەوەی دیکەدا نەکردۆتە قوربانی و هاوکات گرینگی بە هەموویان داوە و خۆی پێوە ماندوو کردوون. لەم نموونانەی سەرەوەدا نالی لە نۆستالیژیادا لەشارەزوور و لە نزیکەوە وێنەی حوجرەکەی کێشاوەتەوە کە هەردووکیان بۆ ئەو جێی بایەخ و گرینگ بوون، بەڵام شیعرەکانی هەر وێنەیەکی سارد و ساکار نین و لەگەڵ ئەفراندنی هەر تابلۆیەکدا کەفوکوڵی دەروونی خۆشی هەڵڕشتووە و بە شێوەیەک لێیان دواوە، خوێنەر هەست بە هاوخەمی و هاودەردی دەکات و تێکەڵ بە ڕەوتی شیعرەکە دەبێ و لەگەڵ نالی دا دەچێتە نێو جۆلانێی خەم و هەناسەی غەریبی هەڵدەکێشێ و ئاهی نامرادی لە هەناویەوە کەلاو دەکات.

لە کوێستانی شیعرەکانی نالی دا خوێنەر دەیان و سەدان گوڵی ڕەنگاوڕەنگ بۆن خۆش و بە تامو چێژ و ڕوح لاوێن دەبینێ و گوێی لە دەنگی مەلانی خۆشخوان و چیایی دەبێ و ڕوو لە هەر لایەک دەکات، دیمەنێکی پڕ لە جوانی و چێژ و مانا دەبینێ و هەرێمی ئافراندنی ئەم قەڵەمە پڕ لە سیحر و ئەفسوونە، تەنیا هەر گڕ و تینی هەست و هەڵچوونی دەروونی نییە و هزر و بیر کردنەوەیەکی قووڵیان لە پشتدایە و بێ ئەو هزرە پتەو و بە هێزە نەدەکرا ئەو هەموو جوانی و چێژ و مانایە لە پەنای یەکدا سەر هەڵدەن و گەشە بکەن و خۆ بنوێنن. موتوربە کردنی ئەم لایەنانەی نێو بازنەی ئەدەب، وەستایی و شارەزایی و خاوەن ئەزموونی و هزری دەوێ و بە دڵنیاییەوە نالی لەو تایبەتمەندیانە بێ بەش نەبووە.

ئەو زمـانەی نالی ئەم وێنانەیان پێ دەکـێـشـێــتـەوە، زمـانێـکی تەواو هونەری و دەوڵەمـەند و ڕەندانەیە و بە شـارەزاییـەوە لە تـەواوی توانایـیـەکـانی زمـانی شـیـعـری کەڵک وەردەگرێ و پانتاییەکی بەرین لە ئەزموونەکانی ژیان و هونەر و کارزانی دەخاتەگەڕ و بە کایەگەلێکی پڕ لە ڕەمز و تەمسیل و خوازە و وێچواندن پەیکەرە گەلێک لە جوانی و مانا و چێژ دەنەخشێنێت کە هەر دەڵێی بەرد تاشـێکی بە ئەزمـوون و لێـزان بە مـاندوو بوون و بیـر لێکردنەوەیەکی زۆر دایـتـاشـیــون و دەسـتی ڕۆژگـار و سەدەکـان و هەژارەکـانیش ناتوانن بیـانسـڕنەوە و زەمـان کۆنیان ناکات و غەوری ڕۆژگار بێ ڕەنگیان ناکات، ئەو پەیکەرانەی لە بەژنی زراڤی ئافـرەتی داتاشیـون. جوانی تەفسیر دەکەنەوە و لە هەر گۆشەنیگایەک لێیان دەڕوانێ چێژ و جـوانیـان لێ هەڵدەقوڵێ و بەرامـەی چێژ دابەش دەکەن.

گوڵبنی قەددت لە قوبەی سینە غونچەی کردووە
غونچە بەم شیرینییە قەت نەی شەکەر نەیکردووە
نەخلی باڵات ئەوبەرە، تازە شکۆفەی کردووە
تۆ کە بۆی شیرت لە دەم دێ، ئەم مەمەت کەی کردووە!
قامەتت نەخلە، بە شیری، فائیقەی پەی کردووە
نەحلی بێ نێشی مەمەت شەهدی سپیی قەی کردووە
نەخل و ڕوممان پێکەوەن، یا باغەبان وەی کردووە
سەروی هێناوی لە سێب و بەی موتوربەی کردووە!

لێـرەدا مـن بە شـوێن لایەنەکـانی هونەری و تەکنیکی شـیـعـرەوە نەبووم، ئەوە بۆم گـرینگ بـوو ئەوە بوو کـە ئەو پەیکەرە هونەری کـە نالی لە بـەژنێکی زراڤ و بـاڵایەکی پڕ ڕەمز و ڕازی جوانی کێشاویەتەوە و لایەنەکانی زمانی خـسـتـوّتە خـزمـەت ئەو پەیکەرەوە و پەیکەرەیەکی لە جـوانی خـولـقـاندووە کـە هەمـوو لایەنەکـانی جـوانی ئافـرەتێکی لێ بە دی دەکـرێ. دیارە جـوانی بە پێی سەردەم و شێوەی ڕوانین، مرۆڤەکان گۆڕانی بەسەر دا دێ و ئەگەر لە پشت چاوەکـانی (نالی)یەوە لەو سەردەمـەدا لە جوانی بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێ جوانی لێرە نەگۆڕە و بەژنی زراڤ و خونچەی سەر سنگ ئێستاش هەر جوانن و ئەوەش دەسەلمێنێ کـە ڕوحی شـیـعـری نالی، ئاوێتـەی ڕوحی نەتەوەیەکـــەیەتی و لـە لایەنی دەروونـناسی و کۆمـەڵناسییـەوە، بەشێکە لەو پێکهاتە و ڕەوتی زمان نایگۆڕێت و جوانییـەکانی ئەو هونەرە سەر دەکێـشێـتە سەدە و هەزارەکانی داهاتووش.

نالی ئەگـەر دەچێـتـە سـەر مـینبـەری دواندن و دێتـە ئاخافتن. ئەوە ڕووبارێک لە عیشق و جوانی و ناسکی و تەڕی و پاراوی وەڕێ دەخـات و هەرێمــێک لە جــوانی دەخولقێنێت تا ڕێبـواران و مـیـوانەکـانی ئەو هەرێمـە، ئەوەی لەگــەڵیــدا ڕووبەڕوو دەبن، هەر جـــوانی بێ و جوانی. ئەو بە هێزی بیرە ورد و هەستە ناسک و جوانی بەخشـەکەی و بە یارمـەتی قەڵەمـە زێڕینەکەی ڕوحەکان دەلاوێنێتـەوە، تا جـەسـتـەکـان ئارام بگرن و هەست بە ئاسوودەیی بکەن و لە جوانییـەکانی ژیان چێژ وەرگرن و ژیان دۆڕاو و تەمـەن بە فـیـڕۆ چوو نەبن. ئەگـەر لە پشت چاوە وردبینـەکـــانی (نالی)یەوە چاو لە ژیـان و بـوون بکەین و وەک ئەو لە ژیان بڕوانین. مـانای جوانییـەکـان دێتـە بەر دیدەو تامی تامـە خـۆشـەکـانی ژیان بە دڵەوە هەست پێ دەکـەین، چێـژی لایەنە شـاراوەکـانی جـوانی دەچێژین و مانای ژیان دەزانین. لای نالی چاوە خێڵەکان، بن میـچە جاڵجاڵۆکاوییەکان داروەستە پووکاوەکان و گوڵینگە قورماوییەکانی بن میـچە ڕەش هەڵگەڕاوەکان وەک لاپەڕاسووی بارگـینە بێ گـیـانەکانیش، بە شێـوەی خـۆیان جـوانن و نموویەکن لە ژیان. لە بەشی بیـسـت و پێنجی ڕۆمانە ناسراوەکەی سێرڤانتێس «دۆنکیشۆت»دا باسی ڕووداوێکی جـێی سـەرنج و ڕامـانی تێدایە، ئەو کـاتەی «دۆنکیشـۆت» بڕیار دەدا بە جلوبەرگی خەوەوە لە ڕەوەزێکی سەخت و دژواردا لە چیـای «سی ڕامورنا» چلە بکـێـشـێـت، داوا لە «سـانچـۆ» دەکـات بچـێت و ئەو هەواڵـەی ئەو خــەریکە لە بەر وی ئازار و جـەزرەبەی بۆ دەکێشێ و بە خاتوونی شاسوار و کەم وێنە «دۆلسینا» ڕابگەیەنێت. سانچۆ کە لە کوێرەدێی «ئیل تووبووس»دا خاتوونێک لەو ئاستە بەرزەدا بە نێوی دۆلسینا ناناسێت داوای لێ دەکات کە هەندێک زانیـاری زیاتری بداتێ کە ئەو خاتوونە چ کەسێکە. دۆنکیشۆت بە دەنگێکی بەرزو بە تووڕەییـەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: «وەبیـرم هاتەوە ئەو خاتوونەی من دەیلێم و تۆ دەبێ بچیت و بیبینییەوە، هیچ کەسێک نییە، بێجگە لە کیـژێکی دێهاتی بە نێوی «ئالدۆنزالۆرنزۆ»

ئەم وتەیەی دۆنکیـشـۆت مـلازمی نوکـتـەوێژ دەخـاتە قـاقـاو پێکەنین. ئەو ئالدۆنزا لۆرنزۆ باش دەناسێت، کـە کچێکی خاکینە و خۆڵینەیە و لەندەهۆرێکی دەنگ زلە و

هەر کە لە سەر مەنارەی کلێساوە دەنگ هەڵبڕێت، شەپۆلەکانی دەنگی ڕۆژە ڕێیەک دەڕوا و کچێکی دەڕپێ شلە و هەر کەسێک بیگاتێ بەر بە بەریەوە دەنێ و ڕاستییەکەی ئەو کەسێکی سووک و هەرزەژنێکە ئاو ناپاڵێوێ، بەڵام وەڵامەکەی دۆنکیشۆت یەکێکە لەو قسە گرینگانەی کە تا ئەو کات لە بابەت عیشقەوە کراوە. دۆنکیشۆت لە کاتێکدا دەزانێ ئەو خاتوونە خاوەنی چ خوو و خدەیەکە و کێیە و چییە، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەو عاشقییەتی لە دڵەوە خۆشی دەوێ، دەڵێ: «ئەو کچە لە نێو جوانترین و داوێنپاکترین ژنی ئەو دەڤەرە، تەنانەت جیهانیشدا بێ هاوتایە.» دۆنکیشۆت دان بەوەدا دەنێ کە خەیاڵ و عیشقی ئەو ئالدۆنزای کردۆتە خاتوونێکی پاکداوێنی نەجیبزادەی وەک دۆلسینا. «ئەوە ڕوح و جەوهەری عیشقە کە گراو لە بەر چاوی عاشق دەکاتە بوونەوەرێک کە زۆر لە سامان و پلە و پایە گەورەترە. ئەگەر وایە هەر ئەوەندە بەسە من لە دڵی خۆمدا بڵێم ئالدۆنزا لۆرنزۆ کەسێکی داوێن پاک و جوانە، گرینگ هۆز و بنەماڵە نییە و لێی گەڕێ دنیا چۆن بیر دەکاتەوە با ئاوا بیری لێ بکاتەوە.»

(نالی)ش لە بواری عیشقدا زۆر جوان و ڕەندانە بۆ باسەکە چووە و لە کێش و تەرازووە باوەکان لای داوە و بەگژ ئەو ڕوانین و بۆ چوونە چەق بەستووانەدا چووە و لە چاوی خۆیەوە چاوی لە چاوەکانی «حەبیبە» کردووە و جوانی تێدا دیون، با خەڵکی گوتبێتیان: ئەو خێلە کێیەو چییە؟ چاوێکی هێلکەو ڕۆن سازدەکا و چاوێکیان پیوازداخ سوور دەکاتەوە، بەڵام ئەو وەڵامی قسەو قسەڵۆکانی داوەتەوە. چاوەکانی حەبیبەی هەرخۆش ویستووە و لە جامخانەی دیوانە شیعرەکەیدا بۆ تا هەتایە هەڵی گرتوون و وەک سامانێکی بەنرخ پاراستوونی، گوێی بە قسان نەبزواوە و دڵی لە گری ئەوینەکەی سارد نەبووەتەوە. هەروەک لە ڕەنگی ڕەشدا جوانی دیوە لە چاوی خێلیشدا گەرای جوانی دیوەتەوە و شەرتی جوانی گەڕاندۆتەوە بۆ شێوەی ڕوانین. لەو کاتەدا کە خەڵکی لە چاوە خێلەکانی گراوەکەی دواون، ئەو ڕووی تێ کردوون و بە زمانی شیعر بەرپەرچی داونەتەوە و لە چاوەکانی حەبیبە دواوە و فێری کردوون کە چۆن لە چاوی خێل بڕوانن.

پێم دەڵێن: مەحبووبە خێل و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا
خێل و قیچە، یا ترازووی نازی نەختی سەر دەکا؟!
خێل و قیچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو
مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەی کەر دەکا
چاوی هەم ڕەنگی گوڵی، مەستی شەو و ڕۆژن مەدام
یەک لە نەشکوفتەی بەنەفشە، یەک لە نیلۆفەر دەکا

عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێ دەگەی
کەج نەزەر کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕ دەکا
هەر کەسێ نوقسانیی ڕووی باوێتە سەر ڕووی ئاینە
شاهیدی هەر چەندە (رای العین)ـە، کێ باوەڕ دەکا؟!
کاتبی خێر و شەڕی عوششاقە، بۆ وەسڵ و فیراق
لوتف و قەهری هەر بە جارێ سەیری دوو دەفتەر دەکا
«نالی» ئەو وەحشی غەزالە کەس ئەبەر داوی نەکەوت
چونکە شاهێنی دوو چاوی تیژە، دائیم سەر دەکا

ئەو کاتێک شیعر دەنووسێت ژیان وێنا دەکات و هەمموو لایەنەکانی دەبینێ و لە بەر چاوی خوێنەردا دایدەنێ. نەخۆی فریو دەدات و نە خوێنەر بە هەڵەدەبات.

ئەو - واتە نالی - هەم لە ڕەشییەکاندا جوانی دەبینێ و هەم لە ڕەنگەکانی دیکەدا هەست بە گەرای جوانییەکان دەکات، هەر وەک ژیان بە هەمموو ڕەنگ و بۆن و تاموچێژەکانەوە جوانە. لە کۆلکە زێڕینەی ژیانی نالی دا ڕەنگی ڕەشیش خۆی دەنوێنێ و باش دەزانێ بێ ڕەنگی ڕەش چاو و برۆ و زولفی یار بێ مانا دەبن و تاوێک بۆ ڕووسیا بوونی ڕیا بازان پەنای بۆ دەبات و جارێک بۆ نواندنی چاو و برۆ و برژانگ و زولفی یار و ڕەشی بەختی خۆشی یارمەتی لێوەردەگرێ و دەستی هانای بۆ درێژدەکات. ڕەنگی ڕەش لەلای ئەو وەک ترووسکەی ئەستێرە و تریفەی مانگ و گزینگی ڕۆژ مانادارن و وەک لە ژیاندا بوونیان هەیە و مانادارن، ئەویش بوونی هەیەو خۆی دەنوێنێ و لە پێویستییەکانی ژیانە ئەگەر خوێنەر سەرنج دەداتە ئەو هەموو وێنە و وێچواندن و جوانییانە، وەک قوڵپە قوڵپی کانییەکی بەر بناران هەست بە حەسانەوەی دەروونی دەکات و خۆی پێ لە ماندوویەتی خەم و ئازار دەتەکێنێ.

وشەکان لە شیعری نالی دا هەم سەما دەکەن و هەم گۆرانی دەچڕن و هەم جوانییەکان وێنا دەکەن و هەم مانا دەبەخشن. ئەم وشە تەڕوپاراوانەی نالی بۆ لەشی خەواڵ و گرەزۆک، بێشکەیەکی نەرمونیانن و بۆ ڕوحی

نەسرەوتە و سەرکەش و خاوەن پرسیار فێرگەیەکی بەشکۆو دەوڵەمەند و مەزنن و بۆ دڵی ئەویندار و نەحەجماو و عاشق پیشە ژوانگەیەکی پڕ چێژ و جوانین و بۆ دڵی بریندار و زامگەستە، مەڵهەمێکی حاڵزان و شارەزان. هەر کەسێک هانایان بۆ بەرێت نائومێد ناگەڕێتەوە.

من دڵنیام خوێنەر هەر لە سۆنگەی ئەم وێنانەوە هەست بە قووڵایی مانا و شیرینایی چێژ دەکا و پێویست ناکات بۆ هەر یەک لەمانە، - چێژ و جوانی و مانا- لەشیعرەکانی دیکەی نموونە بێنمەوە، لەبەرئەوەی، ئەو شتانەی جوانییان تێدابێ، بێ بەش لە چێژ و مانانین و ئەوەی بە جوانییەکانی خۆی بنازێ و دیدە بلاوێنێتەوە، دەشتوانێ چێژ و ماناشی تێدابێ و خاوەن کاکڵ و ناوەرۆکێکیش بێ، کە خوێنەر پڕکات لە جوانییەکانی هونەر و هەناوی لێوڕێژکات لە هەناسەکانی مانا و چێژ و جوانی حەزی پێ ببەخشێت.

شیعری نالی لەنێو ئەدەبی کوردستاندا وەک لووتکەیەکی بەرز و ئەستەم و هەڵەموت وایە کە کەم کەس دەستی دەیگانێ و ئەوانەی بیانەوێت چاویان بەجوانییەکانی و ترۆپکە دڵگیرە بڕێژن دەبێ بۆ ڕاهاتن و شارەزابوون، لە پێشدا بە دەیان تەپک و چیا دا هەڵزنێن تا لەشیان بخارێن و خۆیان تەیاری ئەو سەفەرە بکەن و ئەو جار سنگ بنێن بە سنگی ئەو چیا گەردن کەشەدا و هەوڵی چوونە سەرێی بدەن و سەرکەون و لەوێڕا هەم جوانییەی ئەوێ ببینن و هەست پێ بکەن و هەم لە جوانییەکانی دەوروبەری ئەو چیا پڕ لە نواڵ و زەنوێرە چێژ وەربگرن. لە ڕەوتی خوێندنەوەی هەر خوێنەرێکدا زۆر نووسەر و شاعیر هەن کە نووسراوە و شیعرەکانیان وردە وردە دەبنە نووسراوەیەکی سادە و ساکار و ئیتر وەلایان دەنێ و چێژیان لێوەرناگرێت، لەم ڕەوتی چێژلێوەرگرتنانەدا و لە دنیای شیعری کوردیدا، ئەوەی لە دوا مەنزڵدا خوێنەری شیعری کوردی دەیگاتێ و چێژی لێوەردەگرێ و بەردەوام گەوهەری جوانی چێژ و مانەی تێدا دەبینێتەوە، ئۆقیانووسە مەزنەکەی شیعری (نالی)یە، کە هەرگیز بێ تام و بۆن نابێ و هەر کاتێک خوێنەر دەستی بۆ بەرێت، وەک خاکێکی بە پیت و بەرەکەت بەرێکی تازەی لێ هەڵدەگرێت.

ئەو باخەی بە هەناسەکانی بیری نالی ئاودێر و جۆماڵ کراوە، بۆ هەموو وەرزەکانی ساڵ، میوەی تەڕ و تازەو بە تام و خۆش چێژی پێوەیە و سای سێبەرەکەی هەمیشە و دەرهەمئامێزی ئاواڵەیە بۆ میوانەکانی و هیچ سەلیقەیەک بێ بەش ناکات لەویست و حەزەکانی. ئەو باخەی نالی باخەوانی بێ، وەک «باخی ئارەزوو» هەرچی دڵ تەمەنای بکات و بیخوازێت لێی دەست دەکەوێ و وەک کۆشی سفرە ئەفسانەییەکان، پڕە لە خواردنی جۆراوجۆر و بە تاموچێژ و لە ڕەنگینی و سەنگینیدا هاوتای نییە و بێ وێنەیە. ئەم باخە، چوار فەسڵە جوانە و خەزان و شەختە کۆنی ناکات و لەناوی نابات. هەر ئەوەش وای کردووە شیعرەکانی نالی لە یەک ڕەهەندی و یەک توێژی بێنەدەرێ و وەک ئاوی کانییەک کە هاوکات سێ کەس بە سێ مەبەستی جیاوازەوە بچنەسەری و یەکیان توونیەتی پێ بشکێنێ و یەکیان خۆی پێ فێنک بکاتەوە و یەکیان وێنەی خۆی تێدا ببینێت و هیچیان نائومێد ناکات، شیعرەکانی (نالی)ش هیچ خوێنەرێکی پڕ هەست بێ بەش ناکات و ڕازیی و ئاسوودە دەیاننێرێتەوە. ئەم سەرکاروانە زیت و هۆشیار و وردبینەی ئەدەبی کوردی، لە هەر کات و ساتێکی مێژوویی‌دا بە خەبەر و وریایە و هەرگیز نانوێ و ئاگاداری کاروانەکەیەتی و لە ئێستا و داهاتووشدا هەر کاتێک گازی نێوی نالی بکەن، وەڵام دەداتەوە، «بە خەبەرم و نەنووستووم.»

سەرچاوەکان:

١-دیوانی نالی، پەخشانگەی سەلاحەددینی ئەیوبی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم.

٢-از چشم فوئنتس، ترجمەی عبدالله کوثری، تهران، ١٣٨٤.

٣- عصیانگر البرکامو، مهستی بحرینی، تهران، ١٣٨٧.